# پانۆڕاما...

فەهد گردەوانی



**یەکەم...هەڵبژاردن**...ئەگەر دیموکراسیەت بەرتیلدان و دەنگ و ویژدان کرین بێت ، ئەو دیموکراسیەش هیچ . ئەگەر دیموکراسیەت سیمای خێلایەتی و ناوچەگەری تێبکەوێت ، ئەو دیموکراسیەش هیچ . ئەگەر دیموکراسیەت بە زەبری گوللە و چاو ترساندن و رووح تۆقیین بێت ، ئەو دیموکراسیەش چڕژ. کاتێک هەردوو زلحیزب پێکەوە دەکەونە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان ئاخۆ کامە دیموکراسیەت دەبێتە رێبازی گەمەی هەڵبژاردن . خۆ نابێ دوای پازدەساڵان دەسەلات و پاوان خواردن ،رەووتی دیموکراسیەت بشێوێندرێت . ئەرێ کەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان دەکرێت .؟!

**دووەم...دەستوور**...لە هەرێمێک کارەبا نەبێت. ئاوی خاوێن دەست نەکەوێت. شەقام و کۆڵان و پرد بکەوێتە ژێر ئاو . قوتابخانەش بەشی خوێندکاران نەکات . نەوت بەو پایزە ئەوەندە گران بێت و بە سەختی دەست بکەوێت ، پیرەژن و پیرەمێرد و بێوەژن و هاوسەرئەنفالکراو بۆیان نەکڕدرێت . دەرچووی دانشگا 105 دۆلار مانگانە وەربگرێت و کەمترین کرێی خانووش 300 دۆلار بێت . ئەی دەستوور لەو هەرێمە دەرمانی کامە دەردی کۆمەڵایەتی چارەسەر دەکات . هەتا دەستوور بکەوێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە . دەستوور با عیلمانی یا ئایینی یا ناوچەگەری یا خێڵەکی یا هەرچی بێت کە کوردستان بۆ خۆی پێی نەکرێت دەرمانی نەخۆشخانە دابین بکات و چاوەڕێی رەحمەتی بەغدا بێت ، دەستوور مانای چی یە لە پەرلەمان بە کۆی دەنگ سەرکەوێ یان ژێر بکەوێت . دزی گەورە با هەر سوپەر مارکێت بکاتەوە و گۆشتی قووتوو لەگەڵ کێک و بیبسی تورکی بفرۆشێت ، ئەی بۆ ئەو دزانە دەرمانخانەیەک نابوژێننەوە و پڕی دەرمانی بکەن . کامەیان پێویست ترە مۆبایلی مام جەلال و نەسرین بەرواری و غازی یاوەر و کاک مەسعود بارزانی و قاپووت و...هتد. دەڵێن پڕی شەقامەکانی کوردستانە و ماڵ هەیە نۆ مۆبایلی تێدایە یان داودەرمان و پێویستییەکانی ژیانی رۆژانە. جا با دەستوور هەر سیمینار و کۆبونەوەی بۆ بکرێت ئاخۆ کەرکوک لە مادەی 140 رزگاری دەبێت و دەبێتە پایەتەختی کوردستان یا هەردەبێ لە گۆڕەپانی وەرزشی کەرکوک ئاوارەی کەرکوک و گەرمیان زستان و هاوین پێکەوە گرێ بدات . بە گوێرەی ئەو دەستوورەی گفتوگۆی بۆ رێک دەخرێت ئەو سێ حکومەتەی کوردستان کەی دەبێتەوە یەک حکومەت . دەستوور چۆن گیانی کچ و ژنی کوردستان لە خۆسوتاندن و خۆکوشتن رزگار دەکات یان چۆن کارو پیشە بۆ گەنجان دابین دەکات و کوردستانیان بۆ دەکاتە شوێنی حەوانەوە و مانەوەی ئەو خاوەن شەهادانە کە رۆژانە دەیانەوێت لە رێگای قاچاغ بێنە دەرەوە و لە کامپەکانی چاوەڕوانی ئیقامە ناخۆشترین ژیان بەرێ بکەن .ئەگەر رێکخراو و کۆمەڵە و کۆمەڵگای مەدەنی رۆژانە بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان کۆڕ و کۆبوونەوە رێک بخات ئەی کامە کۆمەڵەی مەدەنی چارەسەری گوزەرانی خەڵکی کوردستان دەکات.

**سێ یەم...بەرزی شیعر**...ئەستێرە گەشەکەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی (گۆران)ی هەردەم زیندوو رێک لە کاتژمێری نۆ و نیوی سەر لەبەیانی 1962/11/18 کۆچی ئەبەدی کرد و ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمانەکەی کرد. بەڵام مامۆستا گۆران مەشخەڵی شیعری کوردی بەرز راگرت و رووناکی خستە هەموو ماڵێکی کورد . هەتا ئەمرۆ دەنگی پیرۆزی مامۆستا گۆران لە شیعری کوردی دا دەزرنگێتەوە و هێز و گوڕ بە ئەدەبی کوردی دەبەخشێت .شیعرەکانی مامۆستای زیندوو ، هەتا ئەورۆ[ئەمرۆ] رێبازی شیعری نوێی کوردی روناک و گەشتر دەکاتەوە. ناوە پیرۆزەکەی بووە بە ناوی نەوەیەکی تازە لە کوردستان دا .هەزار چەپکە گوڵ بۆ سەر گۆڕە پیرۆزەکەت .نەمر عەبدوڵلا گۆران لە ساڵی 1904 یان 1905 دا لە شاری هەڵەبجە لە دایک بووە .

**چوارەم...ئەمریکای بلچ**...رامسفێلد فت کرا یا خۆی فت کرد. دیموکراتەکان جۆرج بۆشیان هێنایە سەر چۆک و ناچاریان کرد لووت بەرزی خۆی بشکێنێ و دابنیشێ لەگەڵیان . جۆرج بۆش کۆنە سەرۆکی {سی ئای ئەی} کردە وەزیری بەرگری ئەگەرچی لە کاتی سەرکردایەتی دەزگای جاسوسی [سی ئای ئەی] هیچی بۆنەکرا جا لەناو سەربازان چی بۆ جێ بەجێ دەکرێت و رۆژانە لاشەی

سەربازی ئەمریکا بۆ ئەمریکا بەڕێ دەکرێت . هەنووکە داری دەستی ئەمریکای بلّح نازانم چەند سەری پێوەیە ، بەلّام هەموو سەرەکان هەر بۆگەنە و بۆنی رۆژە رێیەک دەڕوا ، سوریا. ئێران. چین. فەلّەستین.پاکستان. عێراق. ئەففانستان.کۆریای باکوور...ئەمریکای لاتین. و ئیسرائیل...هتد . ماسمیدیای جیهانی پێڕا ناگات ئەوەندەی دەربارەی بنووسێت . ئەو دیموکراسیەتەش هەر نەهاتە دی کە بەلّێنیان پێدابووین . خەریکە لە فیدرالّیەتی کوردستانیش پاشگەز دەبنەوە .سالّێکی تر جورج بوشیش فت دەکرێت ئەی ئەو هەموو گرێ کوێرانە چۆن دەکرێنەوە.

پینجەم... مەحمود ئەحمەدینەژاد...لە سنەی کوردستان بە جلوبەرگی کوردی هاواری روخاندنی ئیسرائیل و ئەمریکا دەکات. هەر لەو سنە یە هەنووکە بیکاتە دەنگدان و هەلّبژاردن بەرامبەر ئەو کوردە سنەیی یە دەنگ ناهێنێ کە شەقامەکانی سنە پاک و خاوێن دەکاتەوە . خۆزیا بە جلی کوردی هەڕەشەی نەدەکرد.کاتی خۆی سەدام حوسێنیش بە جلی کوردی هەزاران وێنەی بلّاوکردەوە و بەلّێنی بە خەلّکیش دابوو کە بە کوردی قسەیان بۆ بکات . کەچی هەر لە کوردستان شاربەدەر کرا و لەشکریشی دەرکرا. خۆزگە ئەو دەردەش تووشی ئاغای ئەحمەدی نەجاد دەهات هەتا هیچی تر دەردە ئیسرائیل و ئەمریکای تووش نەدەهات .

فــەهــد گــردەوانــی 2006/11/18ستۆکهۆلّم